# بزوتنەوەی ریفراندۆم، بزوتنەوەی لکاندنی کوردستانە بە عیراقەوە!

**سامان کەریم**
zaryak@yahoo.com

جارێکی تریش بزوتنەوەی ریفراندۆم سەری دەرهێنایەوە. لە ڕۆژی 27حوزەیراندا شاندێکی ئەم بزوتنەوەیە سەردانی پەرلەمانیان کردوە لەشاری هەولێرو یاداشتنامەیەکیان پیشەکەش بە جیگری سەرۆکی پەرلەمان کردوەو داوایان کردوە کە لە دانیشتنی داهاتوی پەرلەماندا کاتیك تەرخان بکرێت بۆ ئاخاوتن لەسەر ریفراندۆمی کوردستان و ڕیگا بەنوێنەرانیان بدرێت، کە باری سەرنجی خۆیان دەربڕن.

ئەم بزوتنەوەیە لە هەر کاتیکدا کە ناسیونالیزمی کوردو هەردوو حزبە دەسەلاتدارەکەی لە کوردستاندا لە ئاستەنگیدابن، وەك قارچك سەر دەردێنن و ئەگەر نا بونیان نیەو قسەیان نیە. من چەند جار جەختم کردۆتە سەر ئەوەی ئەم بزوتنەوەیە بۆ ئەوە کراوە کە ریفراندۆم لە کوردستاندا لەبار ببات، بۆ ئەوە کراوە بارسەنگی ئەحزابی دەسەلاتداری کوردستان بریگ بەرز بکاتەوەو لەکاتی ئاستەنگیەکانیاندا فریایان بکەوێت. ئەم بزوتنەوەیە ماوەیەکی زۆر پێش هەڵبژاردنە گالتەجارییەکە هیچ دەنگی نەما، بەلأم لەپڕو لەپێناو ئامانجەکانی هەردوو حزبدا  هێنایانەوە نیو گۆرەپانی یاری و خێمەکانی خۆی  لەڕۆژی گالتەجاری هەڵبژاردندا هەڵداو بۆکسە فریوکارەکانی بۆ ریفرانۆدم لە پێناو روهێنانی خەڵك بۆ لکاندنی کوردستان بەعێراقەوە هێنایەوە گۆڕ. ئەمرۆش لەم هەلومەرجەدا، کە ناسیونالیزمی کوردو هەردوو حزبەکەی لەبەرانبەر هاوپەیمانەکانیدا لە ئیسلامی سیاسی شیعی و .... جیگاو ڕیگاکەی هاتۆتە خوارەوەو چارەسەری کیشەی کەرکوکیان لە بەرژەوەندی ناسیونالیزمی کورد قت کردوەو، جێبەجیکردنی ماددەی 58 یش دواخراوەو فیدرالیەتی قەومیش باسیکی لێنیە. بەم پێیە ناسیونالیزمی کورد کەوتۆتە نێو گەمەی ئەمەریکی و ئیسلامی سیاسیەوە لە ئاستەنگیدایە، بۆیە ئەمجارە دیسان ئەم بزوتنەوەیە یەدەکە، پیویستە بهێنریتەوە گۆڕەپان و لەلایەن هەردوو حزبەوە وەك فشاریك بەکار بخرێت لە بەرانبەر ئەمەریکا و ئیسلامی سیاسی‌دا بۆ جێبەجیکردنی سیاسەتەکانی ئەحزابی ناسیونالیزمی کورد، ئەمە هەموو ڕۆڵی ئەم بزوتنەوەیەیە. ئەم بزوتنەوەیە ڕاستەوخۆ دژایەتی خواست و ویستی خەڵکی کوردستان دەکات، لە ریفراندۆم و جیابونەوەی کوردستان و پیکهێنانی دەولەتێکی سەربەخۆدا. خەڵکی کوردستان پێویستە بە هوشیاریەکی زۆرەوە سەرنج بدەنە ئەم بزوتنەوەیەو پراتیکە سیاسی و عەمەلیەکانی، کە هەمووی لە پیناو لەباربردنی ریفراندۆم و خواستی جیابونەوەدایە، بزوتنەوەیەکە بۆ فریاکەوتنی فیدرالیەت و ریگا گرتن لە نقوم بونی کەشتی لکاندنی کوردستان بە عێراقەوە.

کۆنگرەی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان ریکخراوی خەڵکی کوردستانە لەپێناو بەدیهێنانی خواستی ریفراندۆمێکی گشتی و ئازاد دا، پەیوەست بن بەریزی ئەم ریکخراوەوە.